# جیهان یەکی ئایاری بە یادی " ٢٠٠ ساڵەی " مارکس "  پێشوازی لێکرد!

## ئایاری ٢٠١٨ لە جیهاندا

ئایاری ئەمساڵ لە سەراسەری دنیا لەگەڵ ناوی مارکس و وێنەی مارکس و قسەکردن لەسەر جێگاو ڕێگای مارکس لەدنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا لەیادی ٢٠٠ ساڵەیدا جارێکی تر ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە بیر دینێتەوە کە پێویستی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکاری لەدنیای ئەزمەگرتووی سەرمایەداری ئەمڕۆدا کردۆتە زەرورەتی دەمودەست، کە کرێکاران یەک چینی نێونەتەوەیین و یەک بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەشیان هەیە لەهەر ڕەگەزو نەتەوەو نەژادێک بن یەک ریزو یەک دەست بەرامبەر بە سەرمایەداری دەجەنگن.

ئەمساڵ بە ملیۆن کرێکاران و  یەکێتیە کرێکاری و حزبە سۆشیالیست وکۆمۆنیستەکان مارشی ئایارو ناسنامەی چینایەتی و نێونەتەوەیی هاوبەشی کرێکارانیان  بەرز ڕاگرت. لێرەدا ڕیپۆرتاژێکی کورت بە وێنەوە لە چالاکیەکانی ئایاری ئەمساڵ لە دنیادا  و بەشداری چالاکانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕێکخراوی دەرەوە دەخەینە بەر دیدی هەمووان.

**بەریتانیا:**
**لەندەن:**

لەندەن یادی " ١ی ئایاری " لە ٢٠٠ ساڵەی " مارکس " دا پێشوازی لێکرد!
یەکی ئایاری ئەمساڵ لەبەریتانیا لەسەر  بانگەوازی یەکێتیە کرێکاریەکان ڕاگەیەندراو وەک ساڵانی پێشوو کۆبوونەوەی ئەم ڕۆژە لە لەندەن لەبەردەم کتێبخانەی مارکس دەستی پێکرد.

بەیانی ڕۆژی ١ی ئایار یەکێتیە کرێکاری و حزبە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان بە پلاکارت و لافتەی  گەورەی سور و وێنەی  مارکس و مێزکتێب و بەرزکردنەوەی دروشمەوە کۆبوونەوە و چالاکی و نمایشەکانیان دەستی پێکردو ژمارەیەک وتاربێژان قسەوباسیان کرد لەسەر یادی ٢٠٠ساڵەی  مارکس و ڕۆژی یەکی ئایارو دەورو کاریگەریەکانی مارکس لەسەر کۆمەڵگای سەرمایەداری خەباتی چینی کرێکار. ئەم چالاکیانە تا کاتژمێر  ١ی پاش نیوەڕۆ بەردەوام بوو پاشان بە ڕێپێوان بەرەو ناوەندی شار "ترافلگار سکوێر" بەڕێکەوتن.
ئەمساڵ یەکی ئایار لەکاتێکدا دەکرێتەوە کە  بە "مارکس ٢٠٠ ناسراوە" کە یادی ٢٠٠ ساڵەی لەدیکبوونی مارکس و ١٥٠ ساڵەی کەپیتاڵەو دەتوانرێت بە ساڵی مارکس بناسرێتەوە، لەبەر ئەوەی لەچەند مانگی ئەخیری ٢٠١٧ وە لەئاستی دنیادا بە پێشوازیەکی گەورەی مارکسەوە بۆ یادەکەی ڕۆیشت و وا بڕیارە لە ٥/٥ دا چەندین چالاکی جۆراجۆر لە سەر دەورو کارکردی  مارکس و تیۆری و کاپیتاڵی مارکس نیشان بدرێت و باسی لەسەر بکرێت.
لەم ڕووەوە لەچەند مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا لاپەڕەی زۆری میدیاکانی داگیرکردوەو ناوی مارکس و کاپیتاڵ و مانیڤێست و پەیوەندیداری بوونی تیۆرو کارەکانی مارکس بەمەسەلەی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم و ڕەخنەیی ڕیشەیی مارکس لەسیستەمی سەرمایەداری خۆی نیشاندان دەدات کە هەموو ئەوانە نە بۆ ڕژوازی و نە بۆ میداکانی ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن.
کاتێک ڕێپێوانەکە دەگاتە ناوەندی شار بە کۆبوونەوەی هەزاران کەسی و بە قسەوباسی ژمارەیەک لە ڕابەران و کەسایەتی یەکێتیە کرێکاریەکان لە شۆڕو شەوقێکی گەرمی ڕۆژی جیهانی کرێکاراندا بەخواستەکانی، دژی بێکاری و دیفاع لە کرێکارانی هاتوو و دیفاع لە هەقدەستی کرێکاران موچەو بەوێنەی مارکسەوە دنیا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە ئاڵوگۆڕ هەیە بەرز ڕاگیراو تا دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ بەردەم بوو.
هەروەها هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق / ڕێکخراوی بەریتانیا و حزبە کۆمۆنیستەکانی تر لە لە لەندەن جیهانداو بە بەرزکردنەوەی پلاکارت و پۆستەرەوە بەشداریان کرا، وە بە سەدان لەبەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی بەزمانی ئینگلیزی لەسەر یەکی ئایار بڵاوکرایەوە.



www.alamy.com - MHGYNR




































**فنلاند:**

یەکی ئایار لەکاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانیەوە هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان خەیمەیەکەیان بەشیعار و لافیتەکانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و کوردستان رازاندەوەو پاشان کاتژمێر ١٠ بەرەو مارشی ئایاری حزبە چەپ و یەکیتی کرێکاریاکان بەلافیتە و پلاکاردی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و عیراقەوە کەوتنە ڕێگا، لەوێدا بەسرودی ئەنتەرناسیۆنال بەرەو خەیمەکە گەڕانەوە و لەخەیمکەماندا کەمێزکتابمان تیا دانابوو و هاوڕێیان وەلامی چاوپیکەوتنی دۆستان و ئەو کەسانەیان ئەدایەوە کەپرسیاریان سەبارەت بەحزب و بزووتنەوەی چەپ لێدەکردین. سەرەرای باران بارین و هەوای ساردی فنلاندا، هیچ کاریگەری نەکردە سەر چالاکی ئایاری ئەمساڵمان.
















## سوید: ستۆکهۆڵم

بەشداری لەمارشی ئایاردا

تەشکیلاتی ستۆکهۆڵمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو هەمیشە، ئەمساڵیش لەپاڵ حزب و رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیست و رێکخراوە کرێکاریی و رادیکاڵەکاندا، بەشداری لە مارشی ئایار، رۆژی هاوپشتی و هاوچارەنوسی نێونەتەوەیی جیهانی چینی کرێکاردا، کرد... هەروەها بە میز کتێبێک کە بەشیک لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزب و هاوکات بەیاننامەی ئایاری لەسەر دانرابوو، بەشداری کرد... شایانی وتنە لە پاڵ مێز کتێبەکەدا، تیشیرتێک کە رەسمی مارکسی لەسەر کێشرابوو وە بە زمانی ئینگلیزی لەسەری نوسرابوو دنیا هێشتا پێویستی بە مارکسە.









## سویسرا:









## بروکسل:








## ئوسترالیا:

چالاکی یەکەم :

به بۆنەی یەکی ئایارەوە ئەندامانی ڕێکخراوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ئوستراليا هەستان بە پێکهێنانی کۆمیتەیەک لەگەڵ چەندین هەڵسوڕاوی تری چەپو سۆسیالیستی لە سدنی لەسەرەتای مانگی نیسانەوە.ئەم کۆمیتەیە تا رۆژی مەراسیم ٣ کۆبونەوەیان بەست . لە ڕۆژی ٢٨-٤-١٨ سەعات ٧ ئێوارە لە هۆڵی ۆنتۆرس ڤیڵ مەراسیمیان بەرپاکرد کە تیایدا دەیان کەس بەشداری تیادا کرد. بەرنامەی سیاسی مەراسیم لە لایەک هاوڕێیان چیمەن عارف و ئیرە خانەوە بە زمانی کوردی و فارسی پێشکەش دەکرا. پاش وتەی پێشکەشکاران بەهەردوو زمان لەسەر گرینگی ئەم ڕۆژە جیهانی یە پاشان هەریەک لە ئەسعەد حەیدەری و موزەفەر عەبدوڵا ئەندامانی کۆمیتەی مەراسیم بە فارسی و کوردی قسەوباسیان کرد لەسەر ئەم ڕۆژەو وەزعی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە لە ئاستی جیهان و ولاتانی ناوچەی ڕۆژهەلات بە تایبەتی ئیران و عیراق لە سایەی سیستەمی سەرمایەداری و هێرش و قەیرانەکانی چینی بۆرژوازی و خەبات و نارەزایەتی کرێکاران بۆ مافو ئازادی یەکانیان لە دژی ئەم سیستەمە.

پاشان فەرمخوندە کە هەڵسوراوێکی مافەکانی ژنان لە ئیران قسەوباسیکی کرد لەبارەی وەزعی ژنانی کرێکارو ستەموچەوسانەوەی هەمەلایەنو خەباتو نارەزایەتییان لە ئێرانی ژێر سایەی دەسەلاتی ڕژیمی ئیسلامی.

هەر لە برگەکانی تری بەرنامەی سیاسی چەند سرودو شیعری شۆرشگێریو کرێکاری لە لایەن هاوڕێیان رەوف و ئەمین و ئیرەخانەوە خویندرایەوە.

پاش بەرنامەی سیاسی ئامادەبوان لە کەشێکی شادوخۆشی کاتیان تا نیوە شەو بردەسەر.

چالاکی دووم:

ئەندامانی رێکخراوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ئوسترالیا رۆژی ٦-٥-١٨ سەعات ١٢-٣پاش نیوەرۆ بەشداریان کرد لە کوبونەوەو رێپێوانو خوپیشاندانی چەند هەزار کەسی لە شاری سدنی کە لە لایەن کۆمیتەی مەی دەی یەکیتی یە کرێکاری یەکانەوە رێکخرابوو.

لەم بونەیەشدا ئەندامانی  حزب بە لافیتەو دروشمی حزبەوە بەشدار بون. هاوکات بەیاننامەی حزبیان بە بۆنەی یەکی ئایارەوە بلاوکردەوە.

هەردو ئەم بۆنانە لە لایڤی رادیۆ پیشەنگەوە بلاوکرانەوە.































## سویسرا:

پیرۆزەیەکی ئایار ڕۆژی خەبات و ناڕەزایەتی جیهانی چینی کرێکار.
ئەمڕۆ بەبەشداری زیاتر لە15 هەزار کەس یەکی ئایار لەشاری زویرخ ی سویسرا بەرزڕاگیرا.








## ئەڵمانیا:

ڕۆژی یەکی ئایار کاتژمێر ۱۰ ی بەیانی لەشاڕی کالسرۆوە بە ڕێپێوانێکی گەورە کە ساڵانە ڕێکدەخرێت بەهەزاران کەس بەشداری دەکەن لەسەنتەری شارەوە دەستی پێکرد بەرەو باخی شار و لەوێ بە ئاهەنگ و مۆسیقاو وتار خوێندنەوە و دانانی مێزکزکتێب بەردەوام بوو کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە دانانی خێمەو مێزکتێب بڵاکراوەکانی حزب

بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئەڵمای وە شەربەتی مناڵان بەسەر منداڵاندا دابەشکرا و مەراسیمەکە تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە بەردەوام بوو.














## سوید: یاڤلە

مەراسیم و ڕێپێوانی ١ی ئایار لە یاڤلە. سەرباری سەرماو باران بارینی زۆر خەڵکێکی بەرچاو ئامادە بوون.








## گوتنبێرگ












## نەرویج:

١ ی ئایار لە ئۆسلۆ

وەك نەریتی هەموو ساڵێك هاوڕێیان و دۆستانی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق لە میتینگ و ڕێپێوانی یەکی ئایاردا لە شاری ئۆسلۆ بەشدارییان کرد. لەو کۆبوونەوە و ڕێپێوانەدا هاوڕێیانی هەردوو حزب سەدان نوسخە لە بەیانی حزبەکانیان بە بۆنەی ١ ی ئایارەوە بە ناو ئامادەبوواندا بڵاوکردەوە. ئەمە و وێنەی مارکس و چەندین دروشمی هاوپشتی نێونەتەوەیی و پیرۆزکردنی ١ ی ئایار لەلایەن هاوڕێیانەوە بەرزکرابۆوە.

دوای وتەی چەندین کەس لە ڕێکخراوی یەکێتیە کرێکاریەکانی نەرویج و کەسایەتی تر و سرودی ئەنتەرناسیۆنالی لەلایەن گرووپی سۆشیالیستیەوە لە ئۆسلۆ، ئامادەبووان بە ڕێپێوان بەڕێکەوتن. شایەنی وتنە کە سەرەڕای سەرمایەکی زۆر و باران و تەنانەت بەفر بارین لە هەندێ ناوچەی شاری ئۆسلۆ، بە پێی ئاماری فەرمی بەرپرسی یەکێتیە کرێکاریەکان بەشداربووان بە ٨٣٠٠ کەس لە ئۆسلۆ مەزەندە کران. ئەمە جگە لەوانەی کە بە درێژایی جادەکان لە پێشوازی ڕێرۆیشتنەکدا بە ڕیزەوە ڕاوەستابوون و چەپڵەیان بۆ دروشمەکان لێ ئەدا.

دروشمە سەرەکی و گرنگەکانی ئەمساڵ بریتی بوون لە: شوێنی کاری ئامن و سەلامەت بۆ هەمووان، قازانجپەرستی لە پرۆژەکانی خۆشگوزەرانیدا هەڵبوەشێتەوە، لە دژی قازانجپەرستی و دروستکردنی مەسکەن بۆ بازرگانی ڕابوەستن، کار دابەشکردن بۆ گشت و داواکاری ٦ کاتژمێر کاری ڕۆژانە و ٣٠ کاتژمێر کاری هەفتانەین، دەستدرێژی و گێچەڵی جنسی ڕابگرن... لە نێوان چەندین دروشمی تر بۆ داوای باشکردنی ژیانی کرێکاران و کۆمەڵگادا هەبوون.










OSLOFOTO


Workers of the world, unite!
يا عمال العالم اتحدوا!

## کوردستان:




كرێكارانی جیهان، یەكگرن!
يا عمال العالم، اتحدوا!


























Workers of the world, Unite!
کرێکارانی جیهان، یەکگرن!
یا عمال العالم، اتحدوا!




عاش الاول من آيار






العمال الوافدين، جزء من
الطبقة العاملة في كوردستان!





## عێراق:















## ئێران:

خۆپیشاندانی ١ ی ئایاری لەسەراسەری ئێراندا بووە ڕۆژی ناڕەزایەتی بەدژی جمهوری ئیسلامی ئێران لەبەرامبەر بێ مافیەک کە کرێکاران بەتایبەت و جەماوەر بەگشتی هەیانە لە کرێی کەم و بێکاری و سەرکوت و هەڵاواردن و سەرکوت و باری ئابوری خراپدا، وە دروشمەکان بەدژی ڕژێمی ئێران بوون. کە یەکێک لە دروشمەکان نان، کار، ئازادی بوو.








## روسیا:

مۆسکۆ زیاتر لە ١٣٠ هەزار کەس بەشداری مارشی یەکی ئایاریان کرد








## ئایار لە چەندین وڵات

### بەرازیل



### کیف



### کۆریای خوارو



### فلیپین



### سریلانکا



### یۆنان



**کەنەدا:**

**ئۆتاوا:**








**تۆرنتۆ:**







**تورکیا**

دەبێت ئەم سیستەمە بگۆڕین

بەبۆنەی ڕۆژی ١ی ئایارەوە زیاتر لە ٥١ شاری تورکیا خۆپیشاندان ونارەزایەتی دەستی پێکردو کرێکاران خانەنشینان داوای هەقدەستی زیاترو زیادکردنی موچەکانیان کرد، یاخود داوای زیادکردنی موچەی خانەنشینیان کرد. خۆپیشاندەران بەشیعاری بژی ١ی ئایارو نان و کارو چەندین دروشمی دیکەیان بەرز کردوە لەنێویاندا نوسرابووە دەبێت ئەم سیستەمە بگۆڕین.

خرۆشانی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لەم خۆپیشاندانەدا بەئاڵای سوور دەشەکایەوە و چەپەکان و کۆمۆنیستەکان دەورو نەخشیان هەبوو لەم خۆپیشاندان و یادەدا. ژنان پیاوان لەم خۆپیشاندان و یادکردنەوەی یەکی ئایاردا

شان بەشانی یەک داوای خواست و داواکاریەکانیان دەکرد و لەمەیداندا بوون.هەموو ساڵێک لە رۆژی ١ی ئایاردا شارەکانی تورکیا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی ئەنجام دەدرێت و خەڵکی بەشمەینەتی تورکیا لەم رۆژەدا لەزۆربەی شارەکاندا یادی ١ی ئایار دەکەنەوە. سەرەرای هەر رێگریەک لەم خۆپیشاندانەدا کۆمۆنیستەکان و چەپەکان و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ١ی ئایار بەرز رادەگرن .

شاری ئیستانبوڵ و مەیدانی تەقسیم ساڵانە دەبێتە ململانێی خۆپیشاندەران هێزە ئەمنیەکانی تورکیا و ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە، لەزۆربەی شەقامەکانی نزیک مەیدانی تەقسیم پۆل پۆل خەڵکی کۆمۆنیست وچەپ و کرێکاران بەرەو مەیدانەکە دەچن، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی مەیدانەکە کۆبونەوەی گشتی خۆپیشاندەران زۆر کۆ نەبنەوە هێزە ئەمنیەکان رێگری دەکەن و ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە، ساڵانە بەم بۆنەیەوە بەدەیان خۆپیشاندەر دەستگیر دەکرێن، ئەمساڵیش بەهۆی ئاڵۆزی خۆپیشاندەران هێزە ئەمنیەکان ٨٤ خۆپیشاندەر لەمەیدانی تەقسیم دەورو بەری دەستگیرکران. بەشێک لە خۆپیشاندەران بەبێ پێڵاو لەمەیدانەکە ناڕەزایەتیان دەردەبڕی لەسەر شەقامەکەو مەیدانەکە کۆبوونەوە، هۆکاری لەپێ نەکردنی پێڵاوەکانیان وەک رەمزی هەژاری نەبوونی نیشان دەدراو وە پەیامێکیش بوو بۆ هێزە ئەمنیەکان کە ئێمە ئاژاوەچی نین بارگرژی دروست ناکەین. لەزۆربەی شارەکانی تورکیا دوا بەدوای خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان خۆپیشاندەران بەئاهەنگ وخۆشی و شادی پێشوازیان لەم رۆژە کرد ..

لێرەدا بەشێک لە وێنەکانی یەکی ئایاری لە نزیک بە ٥٠ شاری تورکیایە:

























شاری باتمانی تورکیا















شاری وشاکی تورکیا



شاری زەنگولداخی تورکیا



شاری قەیسەری تورکیا




شاری ماردینی تورکیا



شاری چاناکالێی تورکیا




شاری کۆجەیلی تورکیا



شاری مالاتیای تورکیا



شاری کوتاهیای تورکیا










شاری بوردوری تورکیا



شاری ئۆردۆی تورکیا



دینیزلی: تورکیا



شاری تونجەلی تورکیا




شاری بارتینی تورکیا




شاری ئەدیرنەی تورکیا



شاری گازی ئەنتابی تورکیا



شاری تەرابزۆنی تورکیا




شاری کیرکەلەلاری تورکیا














شاری ئیسپارتای تورکیا



شاری ئایدنی تورکیا




شاری سینۆپی تورکیا



شاری ئەماسیای تورکیا














شاری بۆلۆی تورکیا









شاری گیرەسونی تورکیا